لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# خوشکی بەڕێزم

# پەشیمانم لە ڕابردووم

# تۆش گوێم لێ گرە و بڕیاربدە


نوسینی

نیان

پێداچوونەوەی

مامۆستا عدنان بارام


-----------------------------------------------------------------------


ماڵپەری بەهەشت

ba8.org


ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی نووسەر

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ...

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ...وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ...أَمَّا بَعْدُ :

**سوپاس وستایشی خودای گەورە دەکەم پێش ئەوەی کات بەسەربچێ ڕێگای ڕاستی نیشان دام ، ئەو ڕێگایەی کە گرتومەتەبەر وا هەست دەکەم کە کەسێکی تەواوم ، من خۆم وەك کچێك مەبەستم لە نووسینی ئەم نامیلکەیە ئەویە کە دەمەوێت ئەوەی کە لە دڵمدا شاراوەیە باسی بکەم ، ئەوەش بۆ ئەوەی خوشکانی تری ئەو ڕێگایەی کە من گرتومەتە بەر ئەوانیش پەیرەوی بکەن ، و بیگرنە بەر ، کە بریتیە لە فرمانی خوای گەورە .**

**داواکاریشم لە خوای گەورە . خوشکی خوێنەرم . تۆی ئازیز و خۆشەویست کە دەست دەبەیت بۆ ئەم نامیلکەیە پێش خوێندنەوەی**

لە دڵی خۆتدا بڕیاری ئەوە بدەی کە ئەگەر ئەم باسە تۆ بەڕێز دەگرێتەوە پەیڕوی بکەیت ، چونکە داوا و فرمانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ کە داواکارم لە خوای تەعالا هەمووومان . من و تۆی بەڕێزیش . لە ژێر سێبەری عەرشی خۆیدا بحەوێنتێتەوە ، و سەرفەرازی هەردوو دونیامان بکات ... جا خۆشکەکەم سەرەتا پێت دەڵێم : (( السلام علیکم ورحمة الله و برکاته )) ...کە سەلامی بەهەشتیانە لە بەهەشتدا بۆ ئەوەی لە سەرەتادا بزانیت ، کە من لەم باسەمدا جگە لە خێر و سەلامەتی تۆی بەڕێز نەبێت هیچی ترم مەبەست نیە .

**خوشکە بەڕێزەکەم** : من کچێکی موسڵمانم ناوم ( **نیانە** ) زۆر پەشیمانم لە ڕابردووم ، و دڵخۆشم لەوەی کە ئێستا تیایدا دەژیم ، خوشکەکەم : لە ڕابردوو ڕێگەیەکم بزر کردبوو کە فرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ لەسەر بوو ، بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خوا ئەو ڕێگایەی پیشان دام دوای ئەوەی کە بیرم کردەوە بریارمدا ببم بە کچێکی باڵاپۆش ، ئەوەیش بەیارمەتی خوای پەروەردگار ، پاشان بە هۆی خوێندنەوەیەکی زۆر لە نامیلکە و کتێبە نوسراو و بڵاوکراوەکانی هەردوو سایتی : (**ڕێگای ڕاست**) و ( **سایتی بەهەشت** ) کە ئەو ڕێگایەیان نیشان دام ، کە فرمانی خوای

پەروەردگار و پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ ، بریارم دا تاکات بەسەرنەچوە ئەو جلەی کە تەنیا چەند کاتێکی کورت لەبەری دەکەم ، و پاشان دەمخاتە بەر ڕقی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ ، ئەو جلەی کە بۆ چاو برسیەکانی ئەم سەردەمە کە هەرگیز تێرنابن لەسەیرکردن !! بگرە گاڵتەشم پێ دەکەن . و لە جیاتی یەك تاوان دوو تاوان توشی خۆم دەکەم !! کە ڕۆژی دوایشی هات ئەو چاو برسیانەی ، کە لە دونیادا جلی تەسکم بۆیان لە بەردەکرد !! نە بە هانامەوە دێن نە دەشمناسنەوە ، هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿ يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ وَأُمِّهِ وَأَبِيهِ وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ ﴾ ( عبس : ٣٤ ـ ٣٧ ) ، واتە : ڕۆژێك دادێت کە مرۆڤ لە برا ودایك وباوك و هاوسەر ورۆڵەکانی هەڵدێت و ڕادەکات ، لەو ڕۆژەدا هەرکەس و سەرقاڵی حاڵی خۆیەتی ، و ناپەرژێتە سەر کەسی تر !! ئەمە ئەگەر حاڵی دۆست و کەس و کاری نزیکی خۆت بێت ، ئەی دەبێت حاڵی ئەو چاو برسیانە چۆن بێت ؟! بۆیە منیش بڕیارمدا بەر لەوەی بەو ڕۆژە سامناکە بگەم ، کە کەس باری سەرشانی کەسی تری تێدا هەڵناگرێ ، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ : ﴿ وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ﴾ ( سورة الأنعام : ١٦٤ ) ، واتە:

هیچ گوناهبارێك باری سەرشانی کەسی تر هەڵناگرێ ، بۆیە بیرم کردەوە کە باشترین شت بۆ بە دەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگارم لەبەرکردنی ئەو جلەیە کە خوای پەروەردگار دەیەوێت ، چونکە هەر بیرکردنەوە دەستمان دەگەیێنێتە ڕێگای ڕاست ، و سەرفرازی دونیا و قەیامەت ، ئەو بڕیارەشم هەروا بڕیارێکی لە ناکاو نەبوو ، بڕیارێکی سەرپێی نەبوو ، بڕیارم لەسەر دابێت لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا ، هەرچەند کە ئەمەشم . دواخستنی تەوبە . کارێکی باش نەبوو ، چونکە مرۆڤ لە کاری باشدا هەمیشە بە پەلەبێت ، و دەست پێشخەری بکات باشترە ، کارێك کە فرمانی خوای بڵند و پایە بەرز و پێغەمبەرەکەی ﷺ لە سەر بێت بەنەکردنی توشی زیانێکی زۆر دەبێت ، چونکە مرۆڤ هەمیشە ئامادەی ئەوەیە و نازانێ لە چ کات و ساتێکدا دەمرێت ، جا تۆ ئەگەر یەکێك لەوانەی یان من یەکێك لەوانە بم کە مردن یەخەی پێ گرتین ، تەوبەشمان نەکردبێت !! و هەر بەو شێوەیە و بەو بێ فرمانی کردنەی خوای گەورە بچینە بەر بارەگای !! چ شتێك ئەبێت بە پاکانە لەو ڕۆژەدا ؟ کە خودا ئاگای لە هەموو نهێنی و ئاشکرایەکە . خودا پەنامان بدات . وە بگەڕێینەوە بۆ

مـەنزڵگای هـەتا هـەتایی ، سـەفەری بـێ گەڕانـەوە !!! بـۆ ئـەو جلـە تەنگانە تا بەو ڕۆژە نەگەین بەو شێوەیە بمێننەوە .

من لەبەر ئەوەی کە لە خێزانێکی موسوڵمانم وەك هەموو کەسێك لە خێزانێکی موسوڵماندا بێت نوێژم دەکرد و ڕۆژوم دەگرت ، لەوەی پێبزانم هەر لە منداڵیمدا ترسی سزای خوای پەروەردگارم زۆر لە دڵدا بوە ، بەڵام بڕیاری سەرپۆش لەسەر کردنم لە تەمەنی ( ١٣ ) ساڵیمدا بوو ، سەرپۆش لەسەر کردنەکەم شتێکی زۆر ئاسایی بوو بەلامەوە . بڕیارێك هەروا بوو . تێنەگەیشتبوم وەکو ئەوەی خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ داوای دەکەن و فرمانیان لە سەرداوە ، هەتا ئەم کاتەی کە تەمەنم لە ( ٢٢ ) ساڵیدایە ئەو سەرپۆشەی کە ساڵانێك بەسەرم دەدا هەرگیز بە سەرپۆشم دانەدەنا ، چ سەرپۆشێك وەك زۆرینەی کچان لەبەر عەیبە ؟!! یاخود فێربونم بەو سەرپۆشە دەمدا بەسەرمدا بۆ خوێندنگا یاخود بۆ دەرەوە ، کە دەچوین بۆ سەیران یان بۆ ئاهەنگێك یان هەر بۆنەیەکی تر سەرپۆشەکەم لادەبرد !!!

لەوانەیە پرسیار بکەن و بڵێن : ئەی بۆچی سەرپۆشت داوە ئەگەر لەترسـی سـزای خـودا نـەبوە ؟! منـیش دەڵـێم : ڕاسـتە سـەرپۆش

دانەكەم بەو شێوەیە نەبوە كە بۆ پەروەردگارم بیپۆشم !! بەلاّم ئێستا دەزانم هەلّەبوم پەشیمانم خوداش لێبوردەیە و بەندەكانی خۆش دەویَ ئەگەر تۆبەی یەكجاری بكەن هەروەكو خودای گەورە دەفەرمویَ : ﴿ وَمَن يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللَّهَ يَجِدِ اللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ ( سورة النساء : ١١٠ ) ، واتە هەركەسێك كارێكی خراپی كرد یان ستەمی لە خۆی كرد دوای ئەوە تەوبە بكا لەلای خودای خۆی ئەوا دەبینیَ كە خودا لێبوردەیە و بە بەزەییە ، بۆیە كە ئێمە هەلّەیەكمان كرد نەمانزانی كە هەلّەیە و دەركمان بەڕاستیەكەی نەكرد ، بەلاّم كە زانیمان و گەڕاینەوە بۆ سەر ڕێگای ڕاست خوای گەورە كە یەكێك لە ناوەكانی لێخۆشبوە لێمان خۆش دەبیَ ، نابیَ بلّێین ئیتر تەواو من تاوان بارم و خودا لێم خۆش نابێت !! نەخێر وانیە ، خودای گەورە زۆر لێبوردەیە بەرامبەر بە بەندەكانی بەتەوبەیەكی تەواو و تیر و تەسەل و نەسوح هەموو گوناهێك كە كردوتە بۆت دەگۆڕێتەوە بەچاكە ، هەروەكو خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمویَ : ﴿ إِلَّا مَن تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَالِحًا فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ ( سورة الفرقان : ٧٠ ) ، واتە : جگە لەوانە نەبێت كە تۆبە دەكەن و پاشان بڕوا دێنن و كردەوەی چاك دەكەن ، ئەوانە خوای

پەروەردگار خراپە و تاوانەکانیان بۆ دەگۆڕێت بە چاکە و خوای پەروەردگاریش لێبوردە و بە بەزەییە ، وە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ﴾ ( سورة هود : ١١٤ ) ، واتە : چاکەکردن خراپە لادەبا ، بۆیە خوشکی بەڕێزم : کە گوناهێك دەکەی و دوای دەگەڕێیتەوە سەر ڕێگای ڕاست ئەو کات زۆر خۆشەویست دەبی لەلای خوای پەروەردگار ، هەروەکو فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ ﴾ ( سورة البقرة : ٢٢٢ ) .

بۆیە تاکات ماوە بیر بکەرەوە و ڕێگای ڕاست هەڵبژێرە ئەو ڕێگایەی کە ژنانی پێغەمبەری خوا ﷺ ، خێزانان و ژنانی صەحابە هەڵیان بژاردوە ، و بەو ڕێگایە بەهەشتیان بۆ خۆیان مسوٓگر کردوە ، ئەو بەهەشتەی کە خوا پەروەدگار بەڵێنی بەبەندەکانی داوە کە ئەگەر بێت و کەسێك فرمانەکانی جیٚ بەجیٚ بکات دەیکات بە مەنزلگەی هەتاهەتاییان لەڕۆژی دوای دا ، دەبا ئێمەش لەو بەندە باشانە بین با بە گوێڕایەڵی فرمانی خوای گەورە ئەو بەهەشتە خۆشی نەبڕاوە بەدەست بهێنین .

من تەمەنێکە دەژیم نەمزانیوە بەو شێوەیە خۆنەپۆشین چ سزایەك چاوەڕوانی دەکا ، لە مانگی ڕەمەزاندا هەستم کرد و زانیم ئەویش

لەڕێگای بڵاوكراوەكانی ( **ڕێگای ڕاست** ) خوێندنەوەم ، ئەو كتێب و نامیلكانەی كە تایبەت نووسرابوون سەبارەت بە خۆپۆشین ، لە فەرمودەكانی پێغەمبەر ﷺ كە باس لە چۆنێتی ئەو جلانە و سزاكەیان دەكا لەلای خودا ، ئەوانەی كە باڵا  پۆش نین .

**خوشكە ژیرەكەم** : من پێشتر باسی ئەوەم كرد كە گوایە نەمزانیوە ، لێرەدا ئاماژە بەوە دەكەم كە مەبەستم ئەوە نیە بڵێم : بەتەواوی نەمزانیوە ڕاستە زانیومە كە گوناهە ، بەڵام بەو ڕادەیە نەبوە هەتاكو ئەم ئایەتەم خوێندەوە كە خوای پەروەردگار خۆی زۆر بەڕاشكاوی داوامان لێ دەكات بە خۆپۆشین كە بە پێغەمبەرەكەی ﷺ دەفەرموێ كە خێزان و كچانی و ئافرەتانی موسڵمانان ئەو باسە ڕابگەیەنێت ، ئەوەش بۆ ئەوەی ئێمە شوێن كەوتەی ئەوان بین ، كە خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴾ ( سورة الأحزاب : ٥٩ ) ، واتە : ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خێزان و كچەكانت وئافرەتی بڕواداران بڵێ با عاباكانیان ( باڵا پۆشەكانیان) بدەن بەسەریاندا و خۆیان بپۆشن ، ئەوە باشترە بۆیان تازیانیان پێ نەگا و خوای پەروەردگاریش بە بەزەی و لێخۆش بووە .

بەڕاستی کە ئەم ئایەتەم خوێندەوە ، ئەوەش لە یەکێك لە بڵاوکراوەکانی ڕێگای ڕاست کە لە ڕێگەی خزمێکمانەوە پیم دەگەیشت ، زۆر کاری لێکردم زۆر ڕقم لە جلی مۆدە هاتەوە ئیتر وام لێهات ئەو تەنورە و بۆدیەم لە بەردەکرد زۆر پێی ناڕەحەت دەبووم ، و وام هەست دەکرد کە ئاگرم لەبەرە زۆر سەرزەنشتی خۆمم دەکرد ، بەماڵەوەم ووت : ئیتر ئەم جلانە لەبەرناکەم ، پێیان ووتم : ئەی چی لەبەردەکەی ؟! پێم وتن : ئەو جلە لەبەر دەکەم کە خودا ئەیەوێ ، مەبەستم جوبە بوو ، بەڵام ئەوان لە سەرەتاوە پێیان سەیر بوو ئەیان ووت : تۆ چۆن ئەو جلانە لەبەر دەکەی خۆ هی هاوڕێکانت لە خوێندنگا وانیە ؟! منیش پێم وتن : من حەقم بەسەر ئەوانەوە چیە ؟! هەر کەسەو دەچێتە گۆڕی خۆی ، ئەوان بەو شێوەیە پێیان ناخۆش نەبوو کەڕێم پێبگرن ، ئەو جلانە لەبەر بکەم ، بۆیە وام دانابوو کە ئەو جلانە بگۆڕم ، و ڕۆژی دواین ویستم لەماڵ بڕۆمە دەرەوە ئیش و کاری خوێندنم هەبوو ، چەندم کرد کەجلێکی وام دەست نەکەوت کە ئەو بۆدیەیی لەبەری دەکەم تەسك نەبێت ناچاربووم بەو شێوەی جاران بەتەنورە و بۆدیەکەوە چومە دەرەوە ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زۆر پێی ناڕەحەت بوم ڕۆشتمە دەرەوە ، لە

ماڵی خۆمان دوور کەوتمەوە زۆر ترسام ترسێك کە هەرگیز بەو جۆرە نەترسابوم ، لەو کاتەدا سەیری جلەکانی خۆم دەکرد ، و بیرم دەکردەوە و لە دڵی خۆمدا دەمگوت : ئێستا ئەگەر مردن بێت و لەم ڕێگەیەدا یەخەم بگرێ و بمرم ؟! بەم جلە تەسکەوە دەچمە بەر دەرگای خوای پەروەردگارم !! هەستم دەکرد کە فریشتەی گیان کێشان ( ملك الموت ) بە دوامەوەیە و دەیەوێت گیانم بکێشێ ، ووتم خوایە بەم شێوەیە ئێستا نەمرم وەعد بێت کە خۆم بگۆڕم ، کە هاتمەوە وتم : ئیتر ئەو جۆرە جلانە لەبەر ناکەم ، دوای ئەوە جلەکەم گۆڕی بەجلی هەروا ئاسایی ، چونکە جلی شەرعیم نەبوو ، تەنورەیەکی شێوە پان و بانێکی گەورەم لەبەر دەکرد هەموو جارێ بەو جلە لە ماڵ دەرۆشتمە دەرەوە هەرچەندە جوان نەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی بە لەشمەوە تەسك نەبێ بۆ ئەوەی خودام لێ نەڕەنجێ لەبەرم دەکرد ، لە ماڵەوە پێیان دەووتم : جلەکانت ناشرینە بەیەکەوە ناگونجێ !! زۆر جار پێیان دەووتم : ئەم جلانەت ئەوەندە ناڕێکە وەك نانو قەزوان وایە ، منیش دەموت : لەبەر ئەوەی تەسك نیە لەبەری دەکەم ڕۆژێکیان کتێبێکم بە دەستەوە بوو ئەم خوێندەوە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ تیادا بینی و خوێندمەوە زۆرکاری تێ

کردم ، کە باس لەو کەسانە دەکات کە جلی تەسك وتەنك لەبەر دەکەن کە دەفەرموێت : " صنفان من أهل النار لم أرهما قوم معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ونساء كاسيات عاريات مميلات مائلات رؤوسهم كأسنمة البخت المائلة لا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها وإن ريحها لتوجد من مسيرة كذا وكذا " ( رواه مسلم ) ، واتە : دوو جۆر خەڵکی دۆزەخ هەن من نەیانم بینیوە ، کۆمەڵە کەسانێك قامچیان پێیە وەك کلکی مانگا وایە پێی دەدەن لە خڵکی ، وە کۆمەڵە ئافرەتانێك داپۆشراون و لەهەمان کاتدا ڕوتن ، وە بەلار و لەنجە بەرێگادا دەڕۆن و سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن ، وە سەریان وەك بان پشتی ووشتر وایە ئەم دوو کۆمەڵەیە ناچنە بەهەشتەوە ، وە بۆنیشی ناکەن هەرچەندە بۆنی بەهەشت لە دوری ئەوەندە و ئەوەندە دێ .

بۆیە بەپشتیوانی خوای گەورە بڕیارمدا ئیتر جلی پۆشتە لەبەر بکەم ، جلێك بەو دوریە لە بەهەشت بەدورم بگرێ !! جلێك بۆ کەسانی چاوبرسی کە هەرگیز تێر نابن لەسەیر کردنم ، لە دوایشدا گاڵتەم پێ بکەن !! جلێ بەرە و دۆزەخ ڕاپێچم بکات !!! و لەو کاتەدا هیچ کەسێك و هیچ شتێك دادم نادا ، ئەو جلە دەسوتێنم پێش ئەوەی بە هۆیەوە بسوتێم ، وەك خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ حَتَّى إِذَا جَاءَ أَحَدَهُمُ

الْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ارْجِعُونِ ﴾ ( سورة المؤمنون : ٩٩ ) ، واتـه : کاتێك یـەکێك لەوانە مردن یەخەی گرتن و فریشتەی گیان کێش سەر شانی گرتن ئەڵێ خوایە بمگەڕێنەوە بۆ دونیا تاچاکە بکەم ، تازە دوای چی خودا ئەو هەموو تەمەنەی پێ نەبەخشیت ئاگاداری نەکردیتەوە بە مردنی کـەس وبـرا و بـاوك و دۆسـت و هاوڕێیانـت ؟! کەچـی هەربـە ئاگـا نەهاتیتـەوە ئـیتر لـەو ڕۆژەدا کـەس فریـای کـەس ناکـەوێت ، تـەنها کردەوی چاك کرداری چاکەکە فریامان دەکەوێت لـە ئاخیرەتدا وەکو خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿ كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ ثُمَّ إِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴾ واتە : هەموو کەسێك ئەبێ مردن بچێژێ ، ئەگەر بێنەوە بۆ لامان لـەو ڕۆژە کە کەس فریای کـەس ناکـەوێ ، خـۆش بـەختی بـۆ ئەوانەی کـە خۆیان لە ئارەزووەکانی دونیا حـەرام کردوە ، بـۆ بـە دەست هێنـانی ڕەزامەنـدی خـودا ، ئـەویش بـە پاداشـتی بەهەشـتی بـەرین کـە هـەتا هەتاییـە و خۆشـیەکەی نـە بڕاوەیـە وە بەدبـەختی بـۆ کەسـێك کـە تێشووی بۆ ئـەو سـەفەرە کۆنەکردۆتـەوە و ئامادەی نـەکردوە بـەگوێ ڕایـەڵی کردنـی فرمـانی خـودا کـە پاداشـتەکەی بـە هەشـتی بەرینـە ، ئەوەی کە نـەفس حـەز و ئارەزوی لێبوە کردەویـەتی و ئـەو ڕۆژەی لـە بیرکردوە کە بەدەستی بەتاڵ و بەبێ ماڵ وپارە و منداڵ دەگەڕێتـەوە

لای پەروەردگاری ، و تەنها کردەوەکانی لە گەڵیایە ، ئەو کاتە هیچ شتێك بە فریای ناکەوێ نە خۆشی دونیا نە کات بەسەربردن کە ئەوەی شەهەوات و ئارەزوی دونیایە بەبێ فرمانی خودای گەورە کردویەتی ، وەك پێغەمبەری خوا دەفەرموێ : " حفت الجنة بالمكاره وحفت النار بالشهوات " ( صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ٣١٤٧ ) ، واتە : بەهەشت پەرژین کراوە بەو شتانەی کە دەرون رقی لێیانە و پێی ناخۆشن ، دۆزەخیش پەرژین کراوە بەو شتانەی کە دەرون ئارەزووی لێیانە ، خوای گەورە پەنامان دات ، منیش دەلێم : بەڕاستی ئەگەر ئیمە بیر بکەینەوە و چاوبخشێنین بە مێژوو لە قورئانیشدا هەر تەنها خوا و دینی خوایە ڕێزی لە ئافرەت گرتووە ، و ئافرەتی وەك ئامراز بەکار نەهێناوە ، بەڵام ئەوانەی کە بانگەشەی مافی ئافرەت و ئازادی ئافرەت دەکەن ئەوانە تەنها خۆڕوتکردنەوە و بێ سەرپەرەشتی بۆ ئافرەت بە ئازادی دەزانن !! ئەوانە بانگکردنی ئافرەت بۆ خۆ پۆشین بە کۆت و بەندکردن دەزانن !!! لە ڕاستیدا ئەوانە هیچ شتێ لە ئیسلام و قورئان تێگەیشتوون !!! قورئان داوای خۆپۆشینی ئافرەت دەکات بۆ ئەوەی ئافرەتان لە زیان بەدووربن لە زیانی ئەو کەسە دڵ نەخۆشانەی نازانن ڕێز و سوننەتی ئیسلام چیە

!! بانگەشەی یەکسانی و سەربەستی ئافرەت دەکەن !!! ئیسلامیش ژنی کۆت نەکردووە ژن لە ئیسلامدا ئازادە لە ڕاو بۆچون و قسەی خۆیدا ، بەلاّم ئەوان دەلّێن ژن وپیا و یەکسان بن بەوەی کە ژن هەر ئیشێك بیەویٚ لە دەرەوەی مالّەکەی خۆی و ئارەزوی لیٚ بیٚ بیکات ، پیا و ڕازیش نەبیٚ ئەو هەر بیکا !!! ئەوان ئەوانە بە ئازادی دەزانن !!!! من خۆم جارێکیان نمونەیەکم بیست باسی کچێکیان کرد کە گوایە پیاوێك خواستویە و پیاوەکە بە ژنەکەی ووتووە سەرپۆش بدە بە سەرتا ، و جلی تەسك لەبەر مەکە ، دەیان گوت گوایە ئەو پیاوە ئازادی لە ژنەکە زەوت کردووە !!!!! ئەو پیاوە خراپە بۆ ئەو ژنە !!!! منیش ووتم : ئەوە هیچ کاتیٚ خراپی و ماف زەوت کردن و سەرکوت کردنی پیٚ نالّێن کە پیاویك بیەویٚ ناموسی خۆی بپارێزیٚ ، یاخود لە دین تێگەشتبیٚ و بیەویٚ ژنەکەشی هەمان فرمانی خودا جیٚ بەجیٚ بکات و بەختەوەری دنیا و قیامەتی بکات ، و یارمەتی دەری بیٚ لە کاری چاکە ، بەڕاستی ئەوە دلّسوزترین و بەوەفاترین پیاوە کە دەیەویٚ خێزانەکەی دووربیٚ لە تاوان ، دووربیٚ لە نەهامەتی .....

**بۆیە منیش دەلّێم :**

ئیسلام ڕێبازی خودایە پاکی و بیٚ گەردی تیایە

هـــەرچی ڕیزی ئـــافرەتە    هەموی لەقورئان وسەنەتە

نـــەك وەك ئـــەو كەســـانە    بـــۆ قـازانجی باخەڵیانە

بانگەشەی مـافی ئافرەت    دایم لــــــە بـــاخەڵیانـە

ئـەوەی چاك بێ لەم ژیانە    گوێ نەدان وسەرپێچیانـە

لە لای خواوەندی توانــــا    هەموت لــــە بەردەستایە

ئەوەشی گوێی نەبیستێ    لـــــە بانگی پەروەردگاری

لــــــــە ئـاخرەتدا دۆزەخ    ئـەبێ بە مەنزڵگا وجێگەی

بێ بـــەشە لـەو نیعمەتەی    تێ نــــەدەكۆشـــــــــا بۆی

**خوشـكی ئــازیزم** : هـەموو كەسێك تـاوان دەكات ئێمـە مرۆڤین خۆ فریشتە نین كە گوناە و سەرپێچیمان نەبێ ، بەڵام پەشیمان بوونەوە و كردنـی تەوبەیـەكی ڕاستەقینە ئەمانگەیـەنێت بەپلەیـەكی بـەرز ، كـە خوای پەروەردگار لە هەموو كردەوە خراپەكانمان خۆش دەبـێ ، و لـە جێگەكەیدا پاداشتمان دەداتەوە ، هەرگیز قسەی ئەم و ئەو كارت تـێ نەكات ، ئەوانەی وائەزانن كە ئەگەر ژنان جلی خواناسین لە بـەر بكـەن ئیتر ناشرینن جوانییەكانیان ئەشارێتەوە !!! نەخیر وانیە تۆ بـەو جلە

جوان و جوانتر ئەبیتەوە ، ڕاستە سەرپۆش بەشێك لەجوانیەكان ئەشارێتەوە ، بەڵام تۆ لەبەر ئەوەی بۆ ڕەزامەندی پەروەردگارت ئەو جلەت پۆشیوە و سەرپۆشت بە سەرتا داوە خوای پەروەردگار لە بەر چاوی خەڵك زۆر لەو كەسە جوانتر و ڕێزدارت دەكات كە جلی ڕووت و سەری بێ سەرپۆشە ، هەرگیز وابیر نەكەیتەوە وبڵێی : من ناشرین ئەبم بەخۆپۆشین !!! تۆ بۆ چیتە هەموو خەڵك بەشان و باڵتدا هەڵبدا !! و بڵێن فلانە كەس ئافرەتێكی وا جوانە !! و جلوبەرگێكی واجوان و مودەی تازەی پۆشیوە !! هەرچەندیش جوانترین جلی مۆدە بپۆشیت و بەدڵی خەڵكی بێت ئەوا دڵنیابە هیچ سود و قازانجێكی بۆت نیە جگە لەوەی كە توشی خەفەت و زیانێكی زۆرت دەكا ، لەوە دەچێ ئیستا بەو زیان وخەفەتە نەزانی و شەیتان فریوت بداو دڵخۆشت بكا بەڵام ڕۆژێ دێت حەقت بۆ دەركەوێ و پەشیمان ببیتەوە ، ئەو كاتە هەست بەو خەفەت و زیانە دەكەی ، دەی كەوایە خوشكی ئازیزم : ئەو جلە بپۆشە كە خودا پێی جوانە و فەرزی كردووە بەسەرتدا و پەروەردگارت لە خۆت ڕازیكە ، نەك خەڵك !!! چونكە هەرچەندیش جلی مۆدە لەبەركەیت و خۆت بڕازێنیتەوە دوای ئارەزوو بكەوی خەڵكت لێ ڕازی نابێ ، لەبەر ئەوەی هەر كەسە

بۆچونی تایبەتی خۆی هەیە ، و تۆش ناتوانی هەموویان ڕازی بکەی ، بەڵام دەتوانی زۆر بە ئاسانی خوای تاك و تەنها لە خۆت ڕازی بکەی ، وە ئەگەر ئەو جلە لەبەرکەی کە خوای پەروەردگار پێی ناخۆشە سوێند بەخوا واش نالێن ، من خۆم بگرە تۆش زۆر لەو کەسانە دەبینیت کە جلی تەسکیان لەبەرە یان لەچکیان بەسەرەوە نیە ، توخوا خەڵکی چیان پێ دەڵێن ؟ تەنها لە قسەی ناشرین نەبێت !!! بگرە قسەش بەدایك و باوکیان ئەڵێن کە ئەو کچەی بەو جلە تەسکەوە ناردۆتە دەرەوە !!! ئیتر لەو لاشەوە توانج و قسەی هەرزەکاری ئەمرۆ کە تیر لێت دەپرانن لە دواشەوە پێدەکەنن !!

لەوانەیە زۆر کچ بڵێ من ئەگەر بێتو واز لەو جلانە بێنم ئیتر هیچ گەنجێ توخنم ناکەوێ ، وداواوم ناکا !!!! و بە دڵی کەس نابم !!! سوێند بێت بە خوا وانیە قسمەتت بۆ هەر کەسێك بێت ، هەموو تەمەنت لە ماڵەوەبی و نەڕۆیتە دەرەوە ئەو ڕۆژەی نسیبت بۆ کەسێك بێ خوا شتێکت بۆ دەکاتە سەبەب ، دڵنیام لە سەدا ملیۆن ئەو گەنجانەی ئەم کوڵان و ئەو کوڵانیانە و قۆڵی کچی خەڵك ئەبڕن !!! کە کاتی ژنهێنانیان هات دەگەڕێن کام کچە بەحەیا و حیشمەت و پۆشتەیە و بەشەرمە ئەو کچە ئەهێنن ، نمونەیەکت بۆ ئەهێنمەوە

کوڕێکی خزممان هەتا ئەم تەمەنەی تیایە لەگەڵ چەندەها کچا بوە !!! بەڵام ئێستا ئەڵێ : کە ژن بێنم ژنێك دێنم باشترین کچ بێ ، وهیچ کەسێ نەیبینیبێ پای لاردانابێ !!

دڵنییابە لەبەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار جلەکەت بگۆرە هەرگیز لێی پەشیمان نابی ، هەروەکو خوای گەورە دەفەرمووێ : ﴿ وَلِبَاسُ التَّقْوَىَ ذَلِكَ خَيْرٌ ذَلِكَ مِنْ آيَاتِ اللّهِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴾ ( سورة الأعراف : ٢٦ ) ، واتە : جل و بەرگی خواناسی ، و لە خوا ترسان باشترە .

**خوشکە بەڕێزەکەم** : ئەو قسانە لە خۆمەوە نایڵێم ئەوە بەسەر خۆیشم هاتوە دەموت ئەگەر بێتو ئەم جلە بگۆرم بەجلی پۆشتە ئەوا هەمووجوانیەکانم دەشارێتەوە !!! وە هەرچەندە ئەو جلانەی من جلێکی ئاسایی بوو !! جا چی ئەگەر جلێك تەسك و ڕووت بێ ، چ جوابێکی هەبێ لەلای خوای پەروەردگار ؟!!

یان دەموت : وەکو پیرەژن دەردەکەوم !!!! یان دەموت : دەترسم بیپۆشم دواجار لەسەری بەردەوام نەبم !!! یان دەموت : ئەی خەڵکی بۆ هەموی جلی تەسکی لەبەرە ؟!!! ئەی بۆ من لەبەری نەکەم ؟!! یان

بەو قسەی کە خەڵکی دەڵێ : ئیمان لە دڵە !!! خەڵەتابووم ، من دەڵێم : ڕاستە ئیمان لە دڵە ، بەڵام ئەگەر کرداری پێنەکەی چی سودێکی دەبێ ، بەڵام هەموو ئەو ترسانە شەیتان دەیخستە دڵمەوە ، بۆ ئەوەی بێ ئەمری خوای گەورە بکەم وەکو خودای بڵند و بالا دەست دەفەرموێ : ﴿ إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا ﴾ ( سورة فاطر : ٦ ) ، واتە : شەیتان دوژمنی ئاشکراتانە دەی ئێوەش بە دوژمنی خۆتان دابنێن ، بۆیە دەبینین شەیتان بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدات لە خشتەمان ببات دوای ئەوەی کە تاوانەکەمان پێ دەکات دەڵێ : من بێ بەریم لەوەی کە کردویانە !! دەبا ئێمەش شەیتان بە دوژمنی خۆمان بناسین ، و دژایەتی بکەین ، بە گوێ ڕایەڵی کردنی فرمانەکانی خوای پەروەردگار بین ، بۆیە خوشکی بەئیمان : حەز دەکەم ئەوەی من بەرە و پیری چوم ئێوەش بەرەوپیری بچن ، با ئەو ڕۆژە پەشیمان نەبنەوە کە پەشیمانی هیچ سودێکی نیە ، پەشیمانی ئێستا باشە تاکاتت بە دەستەوە ماوە بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت ، پەروەردگارت جلی شەرعی و پۆشتەی ئەوێ ، تۆش بیپۆشە و گوێڕایەڵی بە ، با نەکەویتە بەر تورەی خوای گەورە ... با خۆمان لە کیسی نەدەین گوێ بۆ ئەو فەرموودەیە شل بکەین کە

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " إني أريتكن أكثر أهل النار " ( متفق عليه ) ، واتە : ئەی کۆمەڵی ئافرەتان لە کاتی شەوڕەومیدا بینیم ئێوە زۆرینەی ئەهلی دۆزەخ بون ، هەروەها لە فەرمودەیەکی تریدا فەرمویەتی : " إن أقل ساكني الجنة النساء " ( صححه العلامة الألباني في صحيح الجامع ، برقم : ١٥٧٤ ) ، واتە : کەمترین کەسانێك کە لە بەهەشت بون ئافرەتانن !!! ئاخر بۆچی بەدەستی خۆمان ئاگر بۆ خۆمان دروست بکەین ؟!! ئاخر بۆچی خۆمان نەگۆڕین لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ بەو فەرموودە تۆقێنەرانە . وەکو ڕەحمەتێك . بە ئاگامان دێنێتەوە و ئاگادارمان دەکاتەوە ؟!! خۆ نابێ بڵێن : نەمانزانیوە !!! هیچ بیانویەك نیە بە دەستمانەوە وە خۆمان ڕزگار بکەین ، چونکە خودای گەورە لە نهێنی و ئاشکرا ئاگادارە ، ئاخر بۆچی فرمانی ئەو پەروەردگارە بەجێ نەهێنین کە بەجوانترین شێوە دروستی کردوین خۆشی ئەوێین ؟! بۆیە ئاگادارمان دەکاتەوە تاکو لە سزای ڕۆژی دوای بەدووربین ، ترسی قەیامەت با لێگەڕین و وازی لێ بێنین ، بێن بیر لە دروست کردنی خۆمان بکەینەوە ، ئەو هەموو ناز و نیعمەتانەی کە بەسەرمانەوەیە بەو شێوەیە سوپاسی دەکەین ؟! بە پشت گوێ

خستنی فرمانەكانی بە لەبەركردنی جلی تەنك و تەسك !!! كە گورگەكان هەرگیز لێمان تێر نابن !!

خوشكی ئازیزم : ئەو بڕیارەم دا كە ئیدی نابێ هەرگیز خۆم بكەم بە سینەمایی چاوبرسیەكان ، ئەویش بە پۆشینی جلی خواناسی ، منیش وەك تۆ و خوشكانت جلی تەسكم لەبەر دەكرد ، ئەوەی لە بیرم بێت سێ جارێك پەنتۆڵم لە پێ كردوە ، كە ئێستا زۆر پەشیمانم ، نەم ئەزانی چەندە گوناهە و خۆشوبهاندنە بە جل و بەرگی پیاوان ، لە فەرمودەیەكدا كە ( أبو هريرة ) ﵁ لە پیغەمبەری خواوە ﷺ دەیگێڕێتەوە دەفەرموێت : " لعن رسول الله ﷺ الرجل يلبس لبسة المرأة والمرأة تلبس لبسة الرجل " ( صححه العلامة الألباني في صحيح سنن أبي داود ، برقم : ٤٠٩٨ ) ،

واتە : پێغەمبەری خوا نەفرەتی كردووە لەو پیاوانەی كە جل و بەرگی ژنان لەبەر دەكەن ، یا خود خۆیان بە ئافرەتان ئەشوبهێنن ، وە نەفرەتی كردووە لەو ئافرەتانەش كە جلی پیاوان لەبەر دەكەن ، یان خۆیان بە پیاوان دەشوبهێنن ، بۆیە لەلای خۆمەوە تەوبەم كرد كە هەرگیز ئەو جلانە نەپۆشم كە خوای پەروەردگار و پێغەمبەرەكەی فرمانیان كردووە بەنەكردنی ، وەكو خوای گەورە لە سورەتی

ئەحزابدا دەفەرموێت : ﴿ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى ﴾ ( سورة الأحزاب : ٣٣ ).

واتە : وەکو ڕوتکردنەوەی سەردەمی نەفامی یەکەم خۆتان ڕووت مەکەنەوە ، ئەو ژنانەی کە پێش ئیسلام جلەکانیان وەکو ئەوەی ئێستاش تەسك نەبوو ، بەڵکو جلێکی فراوانیان لەبەردا بوو ، وەك کە ئەبینری بەڵام سەر و سنگیان بەدەرەوە بوو ، بۆیە خوای گەورە لە قورئاندا پێمان ئەڵێ وەکو ئەو جۆرە ئافرەتانە مەبن ، کە جوانیەکانیان بۆ پیاوی نامەحرەم دەردەخەن !!! وە ئەوەش بزانە کە ئەو بازرگانانەی کە ئەو جلە ڕوت و کورت و تەسکانە دەخەنە بازارەوە ، من و تۆی خۆش ناوێ ، تەنها مەبەستی ئەوەیە لەو ڕێگەیەوە فیتنە بڵاو بکاتەوە ، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ژنانەوە گەنجەکانیان لەخشتە ببرێت ، چونکە یەکەم فیتنەی بەنی ئیسرائیل ژن بوە ، بۆیە ئەوان تەنها ڕێگایەك ماوە بەدەستیانەوە بۆ دژایەتی کردنی ئیسلام ، دەبینین ئافرەت بەکار دەهێنن وەکو کاڵایەك !!! جۆرەها جلی ڕووت و تەسك دەخەنە بەر دەستی ئافرەتان تا مەرازی گڵاویان بێتەدی ، خوای گەورە من و تۆ و هەموو ئافرەتانی ئیمانداری خۆش دەوێ ، بۆیە پێمان دەڵێ خۆبپۆشن بۆ ئەوەی لە

ئازار بەدور بین ، خوایەكی بە توانا كە هیچ پێویستی یەكی بە ئێمە نیە بەڵام پێی ناخۆشە بەندەكانی گوێ ڕایەڵی نەبن ، و بكەونە بەر سزای ، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەی لەبەركردنی جلەوە دەفەرموێ : " من لبس ثوب شهرة في الدنيا ، ألبسه الله ثوب مذلة يوم القيامة ، ثم ألهب فيه نارا " ( حسنه العلامة الألباني في صحيح سنن ابن ماجه ، برقم : ٣٦٠٧ ) ،

واتە : هەر كەسێ لە دونیا پۆشاكی ناو بانگ بپۆشێت ئەوا خوای گەورە لە دوا ڕۆژدا پۆشاكی سەرشۆڕی و زەلیلی دەكاتە بەر ، و پاشان گڕ و بڵێسەی تێ بەر دەدرێت ، ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەر ﷺ باس لەوە دەكات ئەگەر هاتوو مرۆۋ جل و بەرگێكی لە بەركرد ، با ئەو جلەشی جلی شەرعیش بێ ، بەڵام ئەگەر هات و بە شانازییەوە لەبەری كرد و بۆ شانازی و لوت بەرزی بوو بەسەر موسوڵمانانددا ، و بۆ ناو و نناتۆرە بوو ، ئەوا خوای گەورە لە قیامەتدا دەیكاتە ئاگر و لەبەری دەكات ، بۆیە خوشكەكەم با بەیەكەوە بڕیار بدەین ئەو جلەی لەبەری دەكەین تەنها بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە بێ ، چونكە هەر خوایە چاكەی بەندەكانی دەداتەوە ، ئەویش بە پاداشتی بەهەشتی بەرین ، كە خۆشییەكەشی نەبڕاوەیە .

**خوشكە بەڕێزەكەم** : لەوەش ئاگاداربە ئەگەر ئەو جلە شەرعیەت كە دەیپۆشیت بە ئیخلاصی بۆ خوا نەبێت ، جگە لەوە كە خۆتی پێ دەسوتێنیت هیچ پاداشتێكی بۆت نیە ، لەوە دەچێت پێت سەیر بێت بڵێم : بە لەبەركردنی جلی شەرعی خۆت بسوتێنێت ، مەبەستم ئەوەیە كە ئەو خۆ پۆشینە لەبەر ڕەزامەندی خوا نەبێت !! بەڵكو لەبەر مەبەستێكی دونیایی بێت !! یان لەبەر دەست خۆشی و پاداشتێكی دونیایی بێت !!! یان لەبەر ترسی ماڵ و كەس و كارت بێت !!! ئەو كەسە پاداشتی دەست دەكەوێت لە دونیا !! بەڵام لە قیامەت خەسارۆمەند دەبێت

وە دەبینین زۆربەی ئەو كەسانەی كە بەناو حیجاب دەكەن و بەئیخلاصی بۆ خودا نەیان كردووە بەردەوام نابن لەسەری و پەشیمان دەبنەوە ، نمونەیەكی ڕاستیتان بۆ دەگێڕمەوە كە ئافرەتیك دەناسم كە پێش چەند ساڵیك حیجابێكی زۆر باش بوە ، بەڵا من بینیم كە ئێستا زۆر سفورەیە و جلەكانی زۆر تەسكن تەنانەت كە سەرپۆشیش دەدات جاری وا هەیە نیوەی پرچی بەدەرەوەیە !! جامنیش ڕۆژیك پرسیارم لێی كرد و ووتم : بیستومە كە تۆ جاران حیجاب بویتە !! ئەی ئێستا جۆن سفورەی ؟!! ووتی : بەڵێ من

جاران حیجاب بووم ، و پەیوەندیشم بە حزبەوە هەبووە ، بەردەوام دەرسم خوێندووە و دەرسیشم داوەتەوە ، بەڵام تاقەتم لەسەری نەما و وازم لێهێنا لە بەر شتێك !!! جا منیش ووتم خوشکە بەڕێزەکەم ئەو حیجابەت بۆ خوا نەبوو !! ئەگەر بۆ خوا بوایە ئەوە هەرگیز وازت لێی نەدەهێنا !

چەند جوانە هەموو کردەوەیەك تەنها لەبەر ڕەزامەنەی خوا بێت ، و چاوەڕوانی هیچ پاداشتێك نەکرێت لە دونیا ، ئەوە بەدڵنیاییەوە خودای میهرەبان بەرەکەت دەخاتە ئەو کردەوانە و بەردەوامی پێ دەبەخشێت ، بۆیە با هەرگیز قیامەت نەگۆڕینەوە بە دونیایەکی سەرپێی ، کە ژیانمان وەك ڕێبوارێك وایە ، ئەواتا پێغەمبەری خوا ﷺ ژیانی دونیای وەکو ڕێبوارێك باس کردووە کە لە ڕێگایەکی دوور دێ و لە ژێر دارێك ، پشوو دەدات و ساتێك دادەنیشێت بۆ ئەوەی هیلاکی دەربچێت ، و دواى بکەوێتە ڕێ ، و ئەو شوێنە بەجێ بێڵێ ، دونیایەك ئاوا بێت بۆ بەو شێوەیە باوەشی بۆ بکەینەوە ؟!! وە بۆ قەیامەتمان لە بیر بکەین ، لە فەرمودەیەکدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی : " كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ ، إِلاَّ مَنْ أَبَى " . قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَنْ يَأْبَى ؟! قَالَ : " مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الْجَنَّةَ ، وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى " ( رواه البخاري

) ، واتە : هەمو ئومەتەکەم دەڕۆنە بەهەشتەوە ئیلا کەسێ کە خۆی نەیەوێت ، ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ کەس هەیە نەیەوێت بڕواتە بەهەشتەوە ؟! فەرمووی : ئەوەی گوێ ڕایەڵم بێت ئەچێتە بەهەشتەوە ، ئەوەش فرمانەکانم پشت گوێ بخات نایەوێ .

بۆیە دەبینین ئەم فەرمودەیە ئاگادارمان دەکاتەوە بە هۆی چەند کاتێکی کەمی دونیایی خۆمان ئەدەینە دەست هەوا و ئارەزووەکانمان !! تاوەکو لە ناز و نیعمەتی خودا . کە بەهەشتی بەرینە . بێ بەش نەبین ، یەکیك لەو فرمانەی کە پێمان کراوە خۆداپۆشین و دەرنەخستنی جوانییەکانمانە بۆ کەسانی نامحرەم هەر وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمێ : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ ( سورة النور : ٣١ ) ، واتە : بە ئافرەتانی ئیماندار بڵێ کە چاویان لە تەماشاکردنی حەرام بپارێزن و داوێنیشیان بپارێزن لە داوێن پیسی ، و جوانیەکانیشیان دەرنەخەن جگە لەوەی نەبێت بەبێ دەسەڵاتی ئەوان دەر دەکەوێت ، جا بۆ ئەوەی خوای گەورە لە خۆمان ڕازی بکەین دەبێت گوێ ڕایەڵی فرمانەکانی بین ، کە خوای گەورە بەڵێنی پێ داوین بە کردن و جێبەجێ کردنی فرمانەکانی بە بەهەشتی بەرین

شـادمان بکـات ، خوایـەك ئەوەنـدە ڕێـزی لێگرتـوین هـەموو نـاز و نیعمەتێکی بە سەردا ڕشتوین ، وە خوایەك کە توانای بەسەر هەموو شتیکدا زاڵە و دەتوانێت بەهەموو لە ناو بردنێك لەناومان ببات ، بەڵام خوای گەورە بەبەزەییە بەرامبەر بە ئیمە داوامان لێدەکات بە پەرەستن و گوێڕایەڵی کردنی ، بە پاداشتی دونیا و ئاخیرەت ڕازیمان دەکات .

**خوشکەکەم** : با ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین ، ئێمە چین تابێ فرمانی ئەو خوایە بکەین ؟!! ئەوەی لە زەوی و ئاسمانەکانە دروستکراوی ئەون ، و هەموو شت لە دەستیایە ، ئایا ناتوانێت لە ناومان ببات ؟ بەڵێ بێ گومان دەتوانێت بەڵام ئەو بەبەزەییە بەرامبەرمان هەرچەندە ئێمە گومڕا و سەرکەشیش بین ، هەر ئارام دەگرێ لە سەرمان ، وەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆز بە ئێمە دەڵێ و بە ئاگامان دێنێتەوە و دەفەرموێ : ﴿ أَلَمْ نَجْعَل لَّهُ عَيْنَيْنِ وَلِسَانًا وَشَفَتَيْنِ ﴾ ( سورة البلد : ٨ ) ، واتە: ئایا ئێمە زمان و لێوەکانمان پێ نەبەخشیون ؟! کە قسەی پێدەکەن ئەوە کەمترین شتێکە بۆی باسکردوین ، ئەوە یەکێکە لەو نیعمەتانەی کە بەژماردن نایەن ، ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا سودی لێ وەردەگرین ، بەڕاستی ئێمە بەرامبەر

بەو بەخششانە زۆر سفڵەین ، لە بەرامەر ئەو هەموو نیعمەتانەی بۆ ئێمەی بەدیهێناوە ، و لە خزمەت ئێمەدان ، کەچی ئێمەش داوامان لێدەکات فرمانەکانی بەجێ بێنین بە پێچەوانەوە ئەوەی ئەو نەهی لێ کردووە دەیکەی !!

دەی خوێنەری بەڕێز خودا بەو عەزەمەت و گەورەیە تۆی خۆش دەوێ و ڕێزی لێ گرتوی بەڵام تۆ نە ئەوت خۆش دەوێ و نەش خۆت !!! ئەگەر مرۆڤ خودای بەڕاستی خۆش بوێ بە جوانی گوێ ڕایەڵی دەکات ، و فرمانەکانی جێ بەجێ دەکات ، وە ئەگەر بە جوانی گوێ ڕایەڵی خوای کرد و فرمانەکانی جێ بەجێ کرد ئەوە بەدڵنیاییەوە خۆی خۆش دەوێ ، و گیانی خۆی دوور دەخاتەوە لە ناڕەحەتی و ئاگر ، هەندێك لە پێشینان فەرموویانە : گەر دەتەوێت بزانی خودا چەندە تۆی خۆش دەوێ ، و چەندە بە قەدری لە لای خوای پەروەردگار پیا چونەوەیەکی خۆت بکە و بزانە چەند خوات خۆش دەوێت ، و چەندە ڕێزی خوا لە دڵتدایە ، و چەندە گوێ ڕایەڵی دەکەیت و چەندە عیبادەتی دەکەیت ، ئەوەندەش مەنزیلەی تۆیە لای ئەو .

دەی با هەمووومان بەڕاستی گوێ ڕایەڵی ئەو خوا میهرەبانە بکەین ، و ئەوەی ئەو داوای لێکردوین جێ بە جێ ی بکەین .

نموونە : خۆپۆشینە کە خوا لە قورئاندا داوامان لێ دەکات ، و بەخۆ نەپۆشین ئێمە بێ ئەمری ئەو زاتە تاك و تەنیا و بالاّ دەستە دەکەین ، و بەشوێن هەوا و ئارەزووی ئەو کەسانەی دەکەوین کە لە ڕەحمەتی خوا بە دوورمان دەگرن !! ئەویش ئەو جلانەیە کە بازرگانەکان دەیخەنە بازاڕەوە ، نازانی چەند زیانی هەیە بۆت و دورت دەخاتەوە لە خۆشەویستی و ڕەحمی خوا ، توخوا با بەسبێت ئەو جلەی کە هیچ سودی نیە بۆ قیامەتت ، ئەو جلەی کە خوا پێی ناخۆشە .

**خوشکە بەڕێزەکەم** : یەکێك لەو نیعمەتانەی کە خواپەروەردگار بە ئێمەی بەخشیوە چاوەکانمانە ، دەبا تۆ چاوت بۆ چەند خولەکێك ببەستیت ، ئینجا دەزانی دونیا بەبێ چاو چەند تاریك و شەوە زەنگە ، ئینجا تۆ بیری خۆت بخەکار خوا چ نیعمەتێکی پێ بەخشیوی کە هەموو دونیا کۆبێتەوە ناتوانێ چاوەکانت بۆ دروست بکات ئەگەر لە دەستیان بدەی ، هەر بەو چاوەی کە خوا پێ ی بەخشیوی سەیرێکی ئەو جل و بەرگە مۆدانە بکە کە ئێستا باوە و بە زۆری خەڵکی

دەیپۆشێت !! و بەراوردێکی بکە لە گەڵ ئەو جلەی کە خوا داوات لێدەکات ، بزانە چەند جیاوازن !!! کامەیان سودی هەیە بۆ قیامەتت هەڵی بژێرە ، دەی ئەوەیە کە خوا چاوی پێ بەخشیوین تاکاری باشی پێ ئەنجام بدەین سەیری نیعمەتەکانی دەورووبەری پێ بکەین ، ئەوەی باشە هەڵی بژێرین ، بۆچی گوێڕایەڵی فرمانەکانی خودا نەبین ؟ بۆچی ئەوەی خودا و پێغەمبەرەکەی ﷺ داوای دەکەن بەرەوپیری ئەچین ؟ چ شتێك پاڵمان پێوەبنا کە بێ فرمانی بکەین لە دونیادا ؟ یان نەزانین و خۆمان گومڕا بکەین و بێ بیرکردنەوە ؟! چونکە هەموو مرۆڤێك بە بیرکردنەوە ئەگاتە ئەنجام ، ئەگەر دونیاشە ئاخر بۆچی دونیایەکی سەرپێی کە پڕە لە دەرد و ناسۆری بگۆرینەوە بە بەهەشتێکی هەتاهەتای !! خۆ لەم دونیا چەندەها ساڵ بگرە هەزارساڵیش بژین ئەبێ ڕۆژێ بگەڕێینەوە بۆ لای خوای پەروەردگار ، ئەی بۆچی ئەو ڕۆژە بەڕوویەکی گەش و بەسەرێکی بەرزەوە نەگەڕێینەوە بۆ لای ؟! وە بۆچی بە ڕویەکی زەردە وە بگەڕێینەوە بۆ لای ؟!! کە ئەو خوایە هیچی لێ وون نابێ ، و ئەو کاتەش ڕێگای درۆکردنیشمان نیە ، چونکە ئاگادارە بەنهێنی و ئاشکرا ، لەوانەیە لەم دونیا بڵێین : خۆمان ناپۆشین بە بیانوی جۆر

بەجۆر !!! لەوانە : مێردەکەم ئەوجلەی بە دڵ نیە !! یا باوکم ڕازی نابێت !!! من لە کەسی خۆمانەوە بیستومە کە ووتویەتی من بۆیە واز لەجلی جوان . واتا جلی تەسك . ناهێنم ، چونکە ئەگەر بێتە جلی فراوان لەبەر بکەم ئەوا مێردەکەم منی لا جوان نامێنێ !!! و چاو دەگێڕی بۆ ژنی تر !!! ئاخر ئەوە کەی بیانوە ، من دەڵێم بە ئەو کەسە و بەهەموو ئەوانەی کەوابیر دەکەنەوە : ئەو مێردەی کە تۆی بەجلی تەسکەوە بوێ ، ئەوە چ مێردێکە کە تۆی بەجلەوە بوێ !!! بەڵام من بەڕای خۆم بڕوام بەو بیانوە نیە ، چونکە هیچ پیاوێك نیە کە حەزنەکا خێزانەکەی دووربێت لە چاوی خەڵك ، ئایا بۆچی ئێمە دواڕۆژی خۆمان لەناوببەین بۆ ئەم دونیا بێ وەفا کە هیچ سودی نیە ؟! بۆ قیامەت تەنها کردەوەی چاك و بەدەم چونی بانگەوازی خوا و پێغەمبەر دەستگرمانە ، بۆ ڕێگای ڕاست و دووربون لە دۆزەخ هەروەکو خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿ فَإِذَا نُفِخَ فِي الصُّورِ فَلَا أَنسَابَ بَيْنَهُمْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَتَسَاءلُونَ فَمَن ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ وَمَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ فَأُوْلَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنفُسَهُمْ فِي جَهَنَّمَ خَالِدُونَ تَلْفَحُ وُجُوهَهُمُ النَّارُ وَهُمْ فِيهَا كَالِحُونَ ﴾ ( سورة المؤمنون : ١٠١ ـ ١٠٤ ) ، واتە : کاتێك فو دەکرێت بە ( صور ) دا ئەوە هیچ پەیوەندیەکی

خزمایەتی لەو ڕۆژەدا نیە ، وە کەس لە کەس ناپرسێتەوە ، ئەو کەسەی تەرازوی چاکەکانی قورس بێت ، ئا ئەوانە سەرفەراز و سەرکەوتون ، بەڵام ئەو کەسەی تەرازوی چاکەکانی سوك بێت ئەوانە ئەو کەسانەن خۆیان لەدەست داوە و خۆیان خەسار و ڕیسوا کردووە ، دەبێت لەناو دۆزەخدا ژیانی نەبڕاوە و هەتایی ببەنەسەر ، بڵێسەی ئاگر ڕوومەتیان دەبرژێنێت ، هەموویان لێویان هەڵقوچاوە و دانیان ڕیچ دەبێتەوە ( دیمەنیان ترسناکە ) .

**جا خوشکەکەم** : با بیر لەو ڕۆژە بکەینەوە و خۆمان لەو ڕۆژەدا ببینین کە کۆتای دونیایەکی کاتیە ، و جگە لە کردەوەکانمان بە فریامان دێت هیچی تر بە هانامانەوە نایەت ، ئایا دەزانی خوای پەروەردگار چۆن باسی ئەو ڕۆژەمان بۆ دەکات ، خوای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾ ( سورة الحج : ٤٧ ) ، واتە : خوای گەورە دەفەرموێ ڕۆژێك لەلای خوا وەکو هەزار ساڵ وەهایە ، بەرامبەر بە ڕۆژی دونیای ئێوە ، دە خوشکەکەم با خۆمان دابنێین ئەگەر ڕۆژێك لە دۆزەخدا بین . خوا پەنامان بدات . خۆ ئەو ڕۆژە هەزار ساڵ دەکات لەلای خوا ، جا نەکەی دەخیل سەد دەخیل خوشکە بەڕێزەکەم بۆ خوا پێت دەڵێم خۆت بپۆشە ئەو جلەی

خوا دەیەوێ بیپۆشە با نەکەویتە بەر ئەو هەڕەشەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ کردوویانە ، تۆش وەك من نەفرەت بکە لەو جلانەی کە ڕاپێچت دەکەن بەرەو ئاگر !!! ئەو جلانەی کە سالأنێکە لەبەرت کردوەن ، کە هەمووشی بێ فرمانی خوایە و هیچ سودێکت لێ نە بینیون !!! با نەکەویتە بەر نەفرەتی پێغەمبەرەکەت ﷺ کە لە ڕۆژی دوایدا شفاعەت خوازتە لەلای خوای گەورە کە نەفرەتی کردووە لەوانەی کە جلی تەسك لەبەر دەکەن کە دەفەرموێ : " سيكون في آخر أمتي نساء كاسيات عاريات على رؤوسهن كأسنمة البخت العنوهن فإنهن ملعونات " ( صححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : ٢٦٨٣ ) ، واتە : کۆمەڵە ئافرەتێك هەن لە کۆتای ئومەتەکەم دەردەکەون داپۆشراو و ڕوتن ، پرچیان بەشێوەیەك بەسەر سەریانەوە دەبەستن وەکو بان پشتی وشتر وایە ، نەفرەتیان لێ بکەن ئەوانە نەفرەت لێ کراون ... تکایە خوشکەکەم با نەکەویتە بەر ئەو نەفرەتە تا کاتت بەدەستەوە ماوە تەوبەیەکی یەکجاری بکە ، بۆ ئەوەی نەکەویتە بەر خەشم و توڕەیی خوا و پێغەمبەرەکەی ﷺ لە ڕۆژی دواییدا ، بەخوا لەو ڕۆژودا کەس بەهاناتەوە نایەت نە ئەو کەسانەی کە جلی تەسکت بۆ لەبەردەکردن ، و بەسەیرکردنت هەرگیز تێر نەدەبون ، وە تەنها

کردەوەکانت و جلە داپۆشراوەکەتە بەهاناتەوە دێت ، من پێت دەڵێم : مەترسە لەوەی واز لەو جلە مۆدە و تەسکانە بێنی ، لە دواییدا دەگەڕێیتەوە سەری ، یان پەشیمان دەبیتەوە ، لە ڕاستیدا ئەو ترسەش پێش وازهێنانم لە جلی مۆدە لە لامدا هەبوو ... سوێند بە خوا ئێستا کەوازم لە جلی تەسك هێناوە خۆشحاڵ ترین کەسم لەسەر زەوی ، و هەرگیز لەم بڕیارەشم پەشیمان نابمەوە ، و زۆریش داخ دەخۆم بۆ ئەو کاتانەی کە بەجلی مۆدەوە بەسەرم بردون ، بەڵام ئاسودەم لە ژیانی ئێستام کە تیایدا دەژیم ، و سوپاسی خوا دەکەم کە پێش ئەوەی کات بەسەربچێ توانیم خۆم بگۆڕم ، و ڕزگار بم لەو جلەی کە خوای پەروەردگار نایەوێ پێوەی بگەڕێمەوە بۆلای ، داواکارم لە خودای بڵند و باڵادەست تۆش هیدایەت بدات ، و ئەو ڕێگا هەڵبژێری ، و نەفرەت بکەی لە جلی مۆدە و تەسك ، و بڕیاری پۆشینی جل و بەرگی ئیمانداری بدەیت .

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ